قوباد تاڵەبانی: گەلی کورد هەرگیز خەبات و ماندووبوونی ساڵح موسلیم لەبیر ناکات

قوباد تاڵەبانی: گەلی کورد هەرگیز خەبات و ماندووبوونی ساڵح موسلیم لەبیر ناکات

بە بۆنەی کۆچی دوایی ساڵح موسلیم، سیاسەتمەدەری کورد لە رۆژئاوا، قوباد تاڵەبانی پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هاتووە؛ گەلی کورد هەرگیز خەبات و ماندووبوونی ئەم سەرکردە مەزنەمان لەبیر ناکات.

- دەقی پەیامەکەی قوبادد تاڵەبانی

کۆچی دوایی بەڕێز ساڵح موسلیم، سەرکردەی مەزن و خەباتکاری ناسراوی کورد ناخۆشترین و دڵتەزێنترین هەواڵە بۆ هەر کوردێک و بۆ هەر دۆست و دڵسۆزێکی کورد.

گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان لەم قۆناغە سەختەدا زۆر پێویستیان بە حیکمەت و شارەزایی و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لە سەرکردایەتیدا هەبوو، بەڵام دڵنیاین هەفاڵەکان و قوتابییەکانی بە ژیری بە

و بە دڵسۆزییەوە کاروانی خەبات و تێکۆشانەکەی سەرکەوتووانە بە سەرمەنزڵ دەگەیەنن.

بەم بۆنە خەمناکەوە لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان و خانەوادە کوردپەروەرەکەی و هەموو هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی دەکەین. گەلی کورد هەرگیز خەبات و ماندووبوونی ئەم سەرکردە مەزنەمان لەبیر ناکات.

یادی بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندوو دەمێنێتەوە و رێبازەکەشی هەر بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.